## ژیانی عەرەب لە پێش هاتنی پێغەمبەر( علیه السلام و البرکات)

## بەردەوامی هەوڵەکان لۆ تەواوکردنی ئیمان بە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)

**لە بەشی دووەمی وانەکانی چۆنیەتی دروست بوونی ئیمان، بەردەوام دەبین، ئەوەی زانراوە دروستکردنی ئیمان کۆشش و کاتێکی دیاریکراوی پێویستە، تا مرۆڤ هەوڵ بدات لۆ هێنانەکایەی ئەم دۆخە لەناوەوەی خۆي، لەوێشدا زەمینە لۆ ئەم ئیمانە بریتییە لە فیطرەی مرۆڤەکە.**



**(ژیانی پێش ئیسلام لەو دیمەنە نزیك بووە)**

## ئیمان دوو ڕوکنی (أصل)ی هەیە

خودای ڕەحمان لۆ ئیشکردنی فیطرەی مرۆڤ دوو ئامێری لە دەرەوە داناوە ئەوانیش:

**ئامێری یەکەم:** فەرمایشت (کلام)ی خۆیەتی، کە پەرتووکەکانە (الکتب)ە، بەگوێرەی ئیماندارانی ئەم سەردەمە قورئانە.

**ئامێری دووەم:** مەخلوقەکانە، ئەویش ئەم پەیامبەرەیە کە قورئانی لە سەر دابەزی، ئیمان بە قورئانەکەی دەهێنێت، پاشان لەواقیعی حاڵەکەی دەیکاتە کردەوە، کردەوەی صالح، لۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری یەکەم لۆ ئەو جۆرە ئیمانە. باسی ئەوەشمان کرد کە چۆن ئێمەی موسڵمان دەبینە ئیماندار، ئیمان دەهێنین بەڕێگەی ڕیزبەندیی دابەزینی قورئان، ئیمان بەخودی خودای ڕەحمان هەر لەسوڕەتی (العلق)ەوە دەست پێدەکات هەتا کۆتایی، ئەمە قۆناغەکانی ڕیزبەندییە، چۆنیەتی دروستکردنی ئیمانیش بەم ڕێگەیە دەکرێت.

ئیمان دوو روکنی (أصل)ی هەیە: ئیمان (باالله)، پاشان ئیمان (باليوم ألاخر)، ئەم قورئانە نەخشەی ئیمان دروستکردنی بەم جۆرە داناوە، ئەوەی دەمێنێتەوە هەمووی تەواوکەریەکانن، یەکەم بەش لە تەواوکارییەکانی دوو روکنەکەی ئیمان بریتیە لە ئیمان هێنان بە(رسول) لەناویاندا ئیمان هێنان بەتایبەتی بە پێغەمبەرمان(عليه السلام والبركات). لۆ چۆنیەتی ئیمان هێنان بە خودی(رسول الله) پێویستمان بە هەندێ شت هەیە ئەوانیش:

**یەکەم:** بوونی زانیاری (معرفة) بە خودی پێغەمبەر(عليه السلام والبركات). ئەو زانیارییە وادەکات بەکردەیی حاڵەتی مەعریفیی کە بریتیە لە کۆمەڵێك زانیاریی و لە هزرماندا هەیە، دەربارەی خودی پێغەمبەر(عليه السلام والبركات) ئەم مەعریفەیەمان بگوازینەوە و بیگۆڕێن لۆ حاڵەتی ئیمان، ئەویش چەند ڕێسایەکی تایبەتی خۆی هەیە.

**قۆناغی یەکەم:** مەعریفە و زانیاریی دروستکردن لە ناوەوەی مرۆڤ، کە ئەویش پێویستی بە هەندێ قۆناغ هەیە، یەکێك لەوانە پێویستی مرۆڤ لۆ خودی (رسول لله)، کە پێویستی ئیمان خاڵێکی بنچینەییە تیایدا، ئایا بە کردەیی مرۆڤایەتی یاخود گەردوون پێویستی بەم زاتە واتە" (رسول الله) هەیە یان نا؟ ئەگەر ئەو حاڵەتەو ئەو هەستکردنە بەم پێویستییە لەناوەوەی مرف دروست بوو، ئەوا بناغە یان قۆناغی ئیمان دروستکردن بە خودی(رسول الله)(عليه السلام و البركات) دەست پێ دەکات. لۆ هێنانە ئارای ئەم حاڵەتەش ئەم وانەیەمان زیاتر مەعریفیی و مێژوویی دەبێت.

## بۆچی خودای ڕەحمان بەیتی لە ئەبرەهە پاراست؟

هەروەها دەربارەی کەسایەتی رسول الله(علیه السلام و البرکات) دەبێت خودی ئەم ذاتە بناسین، ماوەی ژیانی ئەم ذاتە و خاڵە چەسپاوەکانی ماوەی پێش لە دایکبوونی، پێش پێغەمبەرایەتی (النبوة) و پاش پێغەمبەرایەتی بزانین، ئینجا سروش و نیگای لۆ دێت و ماوەی پەیامەکە و چۆن ڕایدەگەیەنێت (تبلیغ) و چۆن ڕوونی دەکاتەوە (التبین)؟ ئەوانە هەمووی ڕێخۆشکەرن لۆ چۆنییەتی ئیمان هێنانەکە.

لۆیە ئەم وانەیە زیاتر ڕەهەندی مێژوویی و مەعریفیی بەسەردا زاڵە، لۆ ئەم ئامانجەش تاکو شارەزاییمان دەربارەی خودی (رسول الله)(علیه السلام و البرکات) هەبێت، کە پێشتر لە وانەکانی سیرەدا بابەتەکانمان قورئانییانە خستۆتە ڕوو، لێرەدا بە خێرایی چەند ئاماژەیەك بەو بابەتە دەکەین، ئەوەی بیەوێت زانیاریی دەربارەی خودی (رسول الله)(علیه السلام و البرکات) زیاد بکات، ئەوا لە شەش بەشی سیرە باسی پیغەمبەرمان وەك کەسایەتیی کردووە.

گەر بیهێنینە بەرچاومان و چەند هەزار ساڵێك بچینەوە دواوە و بچینە نێو مەککە، زەوییەکی بیابان و هیچی تێدا نییە، لە سێ لاوە بە چیا دەور دراوە، بە هاوین وشکە و گەرمە پلەی گەرمی دەگاتە سەرووی (٤٠)°ی سەدی، لە زستانیشدا سارد و شەوەکانی سەرمایە و مرۆڤ دەتەزێنێ.

خودای ڕەحمان باڵیۆزێکی لەسەر زەوی هەیە، فەرمانی پێدەکات بڕۆ لە فلان ناوچەی موگناتیسی بینای ماڵێك بکە، بە گوێرەی ئەم نەخشەیە، (جبريل)یش نەخشەکەی پێدەدات، باڵیۆزی سەر زەوی ناوی (ئیبراهیم)ە(علیه السلام) خودای ڕەحمان بە تایبەتی لۆ ئەو دۆخە دروستی کردووە و پەیامی پێداوە، لۆیە ئیبراهیم پێغەمبەر کە ژمارەی نەتەوەکەی دیاریکراو بووە، جوولەو چالاکی سەر زەوی لە نێوان خۆیی و خودای ڕەحمان و تەنانەت هەندێك (أنبياء) کە لە سەردەمی ئەودابوون و لەوێش ئیبراهیم پێغەمبەر ئیشی باڵیۆزی و مەئمورییەتی هەبووە، (بەبێ وێکچواندن) وەکو پۆستەچییەکی سەر زەوی ئەو ئیشە مادديانەی، کە خودای ڕەحمان دەیەوێت و بە فریشتەکان ناکرێت، بەم پێغەمبەرەی(علیه السلام و البرکات) کردووە، یەك لەم ئیشانە (بەیت) دروستکردنە.

ئیبراهیم پێغەمبەر لە جێگەی خۆی لە فەڵەستین دەردەچێت، خۆیی و خێزانی و منداڵی ڕێك لۆ ناوچەی مەککە دێن، ئێستا بە شێوەیەکی زانستییانە سەلمێنراوە کە مەککە چڕترین شوێنە لەسەر گۆی زەوی، واتە" ئەو قیبلەنمایەی کە ئێمە دایدەنێین ڕوو ناکاتە باکور و باشووری گۆی زەوی، بەڵکو بە کردەیی ڕوو دەکاتە مەککە، ئەم ذاتە دێت و بە گوێرەی نەخشەی خودای ڕەحمان ئەم (بەیتە) دروست دەکات.

سەرچاوەی ئیمان و خاڵی دابەشکردنی جوگرافییەتی ئیمان بە هۆی (أنبياء و الرسل) لە دەوروبەری فەلەستین و شام بووە، ئێستا خودای ڕەحمان دەیەویت بیگوازێتەوە لۆ ناوچەیەکی تر،

لەبەرئەوەی بەیت (کەعبە) دەبێتە (مثابة)، لە قورئان دەفەرموویت: (مَثَابَةً لِّلنَّاسِ)(البقرة١٥٢) نەك للمؤمنين، بەڵکو دڵی هەموو (ناس)ێك ڕابکێشرێت لۆ بەیت.

لۆیە هەندێك لە ڕۆژ هەڵات ناسان لە کاتی گەڕانەکانیان بەتایبەتی بەکرێگیراوانی ئینگلیز لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، کاتێك هاتوونەتە ئەم ناوچەیە خۆیان لەنووسینەکانیان گوتوویانە هەستمان بەوە کردووە کە جۆرێك لە هێزێکی ڕاکێشانی دیاریکراو هەیە، کە مرۆڤ لەو ناوچەیە بەتایبەتی مەککە هەست بەسەقامگیریی دەکات، لۆیە گلادستون تەنانەت لە کۆنگرەی لۆرداتی بەریتانی یەکێك لەم شتانەی کە داوای دەکات وێران بکرێت، کە بەهۆی وێرانکردنی ئەو ئیسلامیش وێران دەکرێت، بریتیە لە بەیت (البیت). کە بەکردەیی موسڵمانان و هەموو ئیمانداران لە کاتی نوێژ، ڕۆژێ پێنج جار پەیوەندی موگناتیسی لەگەڵ بەیت دەبەستن.

ئیبراهیم پێغەمبەر (علیهم السلام و البرکات) ئەم ڕۆڵە بەجێ دەگەیەنێت تا دەگاتە سەردەمی پێغەمبەر. خودای ڕەحمانیش پارێزگاریی لە بنەماڵە و لەو کەسانە دەکات کە پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) بەکردەیی لەپشتی ئەوانەوە دەردەچێت.

لە وانەی ڕابردوودا باسی ئەوەمان کرد، کە هاتنی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) پێشەکی (مقدمات)ی هەیە و خودای ڕەحمان خۆی ئەمە ڕێك دەخات، تا زەمینە دروست بکات لۆ ئەو کۆمەڵانەی کە پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) پاشان لە ناویاندا دروست دەبێت و پەیام و پێغەمبەرایەتیان لۆ دێت، تاکو ئەو خەڵکانە زۆر ماندوو نەبن لۆ ئیمان هێنان و ناسینی وەك پێغەمبەرێك (علیه السلام و البرکات).

لۆ نموونە" باسمان کردووە: کە بڵێین لە ڕێگەدابن لەناو ئۆتۆمبێل بەرەو شاری بەغدا، لە ڕێگەی کەرکوك پێش گەیشتن بەم شارە ڕووداوێك بووە، یان پردێك دروست دەکرێت، پۆلیسی هاتووچۆ لەگەڵ شارەوانی ڕێککەوتن دەکەن کە کۆمەڵێك نیشانەی هاتووچۆ دادەنێن وەکو نیشانەیەك، کابرای شۆفێر تێدەگاو دەزانێ، لەلای کابرای شۆفێرەکە هەستی پێدەکرێت لە دوای (١٠) کیلۆمەتر پردێك دروست دەکرێت، لۆیە لادانێکی کاتی هەیە، دەچێتە سەر زەوییەکی خۆڵ، نیشانەی هاتووچۆی لێیە (بەبێ وێك چواندن) خودای ڕەحمان لۆ خودی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) پێش لەدایکبوونی کۆمەڵێك ڕووداوی لەم جۆرە دروست دەکات، یەك لەوانە ڕووداوی ڕووخاندنی کەعبە بەدەستی ئەبرەههیە، کە ئەمەی نیاز بووە، خودای ڕەحمان لە قورئاندا بە ڕووداوی فیل ناوی بردووە.

سورەتێکی تەواوی لۆ هاتوتە خوارەوە، ئامانجیش ئەوەیە بەکردەیی سەرنجەکان لۆ ئەو شوێنەی ڕابکێشێت کە لە کاتی پەرستشدا پلەو پایە و جۆرە جێشوێنێکی هەیە لە نێو دڵی ئیمانداراندا.

لۆ زانیاری هەر ئەو خودای ڕەحمانە ئاگادار و ڕەقیب و سەمیع و بەصیر بوو، لە بارەی بوونی (٣٦٥) (صەنەم) لەناو بەیت، لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەبرەهە ئەو جوڵەیەی کرد بەهۆی

باڵندەی ئەبابیل (طير الأبابيل) یەکسەر هەڵگەڕانەوەی لە جوڵانەوەکەدا کرد. لۆ ئەو ڕووداوە دروست بووە؟ هەر لۆ زانین لە سەردەمی عەمرِ کوڕی لوحەی هاوەڵ بڕیاردان (الشرك) بوونی هەبوو لەنێو بەیتدا. لۆ ئەوەی ئاماژەیەك بێت، کە بەکردەیی سەردەمی پێغەمبەر و لەدایکبوونی پێغەمبەر و هاتنی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) نزیك بۆتەوە، زۆربەی مێژوونوسان هاوڕان لەسەر ئەوەی ماوەی نێوان لە دایکبوونی پێغەمبەر و ڕووداوی (فیل) کە (٥٠) ڕۆژ بووە.

ئەو هەموو جوڵەو چالاکییە کە وایکرد خەڵکێکی زۆر لە ترسی فیل و ڕووخاندنی کەعبە ڕابکەن لۆ شیوەکانی مەککە، ئەمە لەلایان بۆتە مێژوو، لۆیە عەرەب تەنانەت سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵانیشی ئەگەر بیانویستایە ڕووداوێك بە ساڵ نیشان بکەن، دەیانگوت ئەوەندە ساڵ پێش ساڵی(فیل)، ئەمە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی موسڵمانان مێژووی کۆچییان دروست کرد.

ئایا خودای ڕەحمان ئەو هەموو ڕووداوانە لۆ دروست دەکات؟

لۆئەوەی بەکردەیی سەرنجەکان ڕابکێشێت، ڕایان بکێشێت نیشانەکان و دۆخێکی نا سروشتی دێتە بوون، چونکە بەگوێرەی مرۆڤی ئەم سەردەمە ئەو دۆخە ناسروشتی بووە، بەڵام لەلای خودای ڕەحمان دۆخێکی ئاسایی و دروست و لە هەمان کات ئیمانییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوفر و شەیتانەکانی ئینس و جن دەستێکی زۆریان لە کات و شوێن و فیطرەی بەشەریی تێکەڵ کردووە، لۆیە خودای ڕەحمان ئەم هەموو شتانە دروست دەکات لۆ ئەوەی بەکردەیی جۆرێك لە پێوانەکاریی و نزیککارییەك دروست بێت لە هزری عەرەبەکانی ئەو سەردەمە.

لۆ ئەوەی کە دوای چەند سەد ساڵێك پێغەمبەرێك پەیدا بوو، عیسا پێغەمبەریش(عليه السلام و البركات) بانگەشەی ئەوەی کرد کە پەیوەندی لەگەڵ ئاسماندا هەیە، باڵیۆزەکانی ئاسمان لەسەر زەوی ئامادەییان هەبێ ئیمانی پێ بهێنن.

## کاریگەریی ژینگەیی

ئەگەر بێینە نێو مەککە، کە ئەم شارە ناوچەیەکی بیابانییەو کشتوکاڵی لێ نەبووە، ناوچەیەکی بازرگانی بووە لە نێوان حەبەشە (ئەثیوبیای ئێستا) لە ڕێگەی دەریای سوور کە یەمەن و ئەم ناوچانەی بە یەکەوە بەستۆتەوە و گرێداوە، لەبەرئەوە عەرەبەکانیش لەوێ بە ژمارەیەکی زۆر نیشتەجێبووینە، ژمارەی دانیشتووانی شاری مەککە لەو ناوچە بازرگانییەدا، کە کار و بازرگانیان کردووە، لەسەردەمی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) ژمارەیان لەنێوان (٣٠٠٠) تا (٥٠٠٠) هەزار کەس بووە، پەیوەندییان لەگەڵ زەوی دا نەبووە. کەسێك خاوەن کشتوکاڵ بێت لە سرووشتیدا جیاوازە لەگەڵ کەسێکی بازرگان، ئەوەیان کە لەگەڵ زەوی و سەوزایی و ئاودا مامەڵە دەکات،

مامەڵەی لەگەڵ ئاژەڵانە، جۆرێك لە ئولفەت گرتن و لێڕاهاتنێکی هەیە لەگەڵ زەوی، لۆیە ئەو مرۆڤە ئارامیی و سروشتیانە و سۆزدارتر دەبێت.

بەڵام مرۆڤێك لەگەڵ وشکی و ڕەقی مامەڵە بکات، سروشتێکی وشکی دەبێت، تەماشا بکەن، تا ئێستاش سروشتی خەڵکی مەککە وایە، کاتێك حاجییەك دێتەوە لێی بپرسی دەردەکەوێت تا ئیستاش سروشتیان بەو جۆرەیە، لۆ؟ چونکە ئەم شوێنە بە کردەیی کاریگەریی ڕەهەندی بازرگانیی لە مێشکی مرۆڤدا بەجێ دەهێڵێت، کابرای بازرگان لەگەڵ عەقلی بەرامبەر ئیش دەکات، لۆ نموونە" کۆمەڵێك دوکانن هەمان ماددەیان هەیە، بڵێیت بەهارات و بخور دەفرۆشن، لە هەمان شوێن کەسانی تر هەن هەمان کار دەکەن، جا لەڕێی عەقلی خۆی هەوڵ دەدات بەرامبەرەکەی ڕازی بکات، کەواتە" پێویستی تەنیا بە جۆرە عەقلێك هەیە، هزر و نەقۆلایی و شەیتانیەت و فێڵە لۆ ئەوەی بانگەشە و ڕێکلام لۆ کەلوپەلەکانی بکات تا کڕیارەکەی ڕابکێشێت، سروشتی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە بەم جۆرە بووە.

لەبەر ئەوەیە لۆ نموونە" ئەگەر بێت و باسی ئاسمانیان لۆ بکرێت، یان باسی پەیوەندی خودای ڕەحمان یان لەگەڵ مرۆڤ لۆ بکرێت، کە هەمووی ڕەحمەتە، هەمووی (لطائف)ە، یان باسی ڕۆژی دوایی کە نەبینراوە، بەمێشکیان زوو ئەم جۆرە باسانە وەرناگرن و تێیناگەن، ئینجا کە سروشتیان بەم جۆرە ماددی بوو، توانییان زوو لە هاوەڵ و بڕیاردانی هاوبەش (الشرك) تێبگەن، توانیان لەسەر زیاتر لە(٣٦٥) بت جێگیر و چەسپاو بن! لە بەر ئەوەیە سروشتیان ماددی بووە، ماددەیان لە نێوان خۆیان و خودای ڕەحمان دانا کە بەرد بوو، سروشتەکەیان ماددیی و وشك بوو، بازرگانییەکەش گوتمان کەسابەت کردنە.

بارودۆخی کۆمەڵایەتیان زۆر نەرێنی و خراپ بوو، وەك" ستەمکردن، توێژێکی کەمیان لەم کۆمەڵگەیە کە لەوانەیە بگاتە(٥٠٠) کەس ملیۆنێر بووینە، کە دەستیان گرتووە بەسەر(٢-٣) هەزار کەس، دەستی بەسەر ژیانیان داگرتبوو، بەسەر ئابووریان و لایەنی کۆمەڵایەتییان، ژمارەیەکی زۆریش لەم خەڵکە گشتییە کۆیلە بووینە، پیاوەکان کۆیلەبوون لەژێردەستی دەوڵەمەندەکان، ژنەکانیشیان کەنیزە (أیماء) بووینە، ئەم ژمارە کەمەی زەنگینەکان کە چینی خانەدانەکانن کە (٥٠٠) کەسێك دەبوون، بە هۆی باڵادەستیان، هەردەم سامانیان زیاد کردووە لەسەر شان و حیسابی هەژارەکان، کەواتە" ستەمی ئابووری لە ئارا دابووە، ئابووریی ئەم دۆخە ستەمی لە مێشکی بەرامبەر دروستکردووە، کە بەکردەیی ئەم سێ تا چوار هەزار کەسە هەست بە ستەم لێکراویی بکات، کابرای ستەم لێکراویش هەردەم چاوی لەوەیە کە بەکردەیی ستەمەکەی لەسەر لابچێت، لۆیە گەورەترین ژمارە پێویستی بەوە بوو ڕزگارکەرێك هەبێت، بەڵام ئەم ڕزگارکەرە لەخۆیان بێت، لە نێو هەناوی خۆیان بێت نەك لەدەرەوە هێنرابێت، چونکە داگیرکەری بێزەنتی لەو سەردەمە بەهۆی ئەبرەهە هەوڵیداوە خۆی وەك ڕزگارکەرێك نیشان بدات، کە ئەبرەهە خاوەن ئایینیش بووە، بەڵام لەبەرئەوەی لەناخی کۆمەڵگەکە دەرنەچووە، لەگەڵ ناڵەی کۆمەڵگەکەی ئەم شارە نەبووە، لۆیە پێی

ڕازی نەبووینە، ئەو دیكۆرەی كە هەڵیگرتبوو لە تێكدانی بەیت و دروستكردنی قولەیسەیەك بوو لە یەمەن، لۆ ئەوەی ئاراستەی ئایینی عەرەبەكان بگوازێتەوە لە بەیت لۆ یەمەن (صەنغاء)، تا سوود لە كاریگەرییە بازرگانیەكەی وەربگرن.

لەڕووی بازرگانیەوە ئەگەر عەرەب لە چوار مانگە موحەڕەمەكە چوونە ناو بەیت، ئەوكاتە ئەم ژمارە گەورەیە لە چوونە ئەم شوێنە قازانجی ماددییش دەكەن، كەواتە" ئەم كۆمەڵە كەسە پێویستیان بەم حاڵەتە ڕزگارییەو ئەم كەسایەتیەش هەیە.

## ژیانی مەككەییەكان

پێش هاتنی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) مەككەییەكان ژیانی تایبەتی خۆیان هەبووەو بە شەرمەزارییەوە، كۆمەڵێ كاریگەریی لە بوارە جیاجیاكانی ژیانی كۆمەڵگەیی بە سەریاندا زاڵ بووە.

## بواری كۆمەڵایەتی

كۆمەڵی مەككەیی لەڕووی كۆمەڵایەتیی و ئایینیەوە زۆر لە ئاستی ژێرەوە بوون، لۆ نموونە" لە بوخاری دەڵێت: عائیشە(رضي الله عنها) سەلماندویەتی، چوار جۆری پەیوەندیی لە پەیوەندییە زایندەییەكانی ژن و مێردایەتی هەبووە، كە هەر چواریان فەرمی بووینە، هۆی باسكردنم لۆ ئەو نموونەیە ئەوەیە كە میللەتان و شارستانییەكان بەم پەیوەندییەی نێوان ژن و مێرد، پەیوەندیی خێزانی كۆمەڵایەتی خێزانیانە دەپێورێت، نەك بە بیناسازیی و شارستانی بوون، ئەمانەی دوایی هەمووی كاریگەریی تەكنەلۆژیانەیە لە سەر مرۆڤ.

## هاوەڵان بە چ كاریگەر بوون؟

عائیشەی دایكی ئیمانداران(رضي الله عنها) ئاماژە دەدات، كە ئەوانە چەندە ئاستیان نزم بووە، هەرچوار جۆر لە ژنخوازییەكان كە فەرمی بووینە یەكێكیان ئەم ژن و ژنخوازییەی ئێستایە، كە لە سەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەرەوە هەیەو خودای ڕەحمان دانی پێدا ناوە، ئەوە هەتا ئێستاش بەپێی شەریعەتی پێشەوامان پەیرەو دەكرێت. یەكێكی تر لەو مەراسیمە كۆمەڵایەتییە، لۆ نموونە" (١٠) كەس لەگەڵ ئافرەتێك فاحیشەیان لەگەڵدا دەكرد، لە كاتی لەدایكبوونی منداڵەكە، ئەو ئافرەتە

هەر(١٠) کەسی بانگ دەکرد، عەقڵی کامە لە پیاوەکانی بگرتبا، پێی ڕادەگەیاند کە ئەو منالە کوڕی یان کچی تۆیە، یەکسەر بە فەرمی ناوی دیاری دەکرا و لە ڕەگەزنامە ئەو دەبووە کوڕی ئەم پیاوە.

یەك دوو فەرموودە لە بوخاریدا هەیە، دەگێڕتەوە، دەڵێ: لە بەر ئەوەی هاوەڵان ترساون ئەو دایك و باوکەی هەیانە، دایك و باوکی ڕاستەقینەی خۆیان نەبن، پاش موسڵمانبوونیان هاتوون لە پێغەمبەریان(علیه السلام و البرکات) پرسیووە، باوکمان کێیە؟ بە شێوەیەك پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) تووشی جۆرەك لە (إحراج)ی دەکرێت، ئەوەتا هاوەڵێك دەپرسێت: (من أبي یا رسول الله)؟ واتە" باوکم کێیە (یا رسول الله)؟ ئەویش دەفەرمووێت: بابت فڵانە، یەکێکی تر بە هەمان شێوە پرسیار دەکات، ئەویش وەڵامی خۆی وەردەگرێت، کە بابت فلانە، بە بینینی ڕوخساری پێغەمبەر، پێشەوا عومەر هەست بە (احراج)ییەك دەکات، دەڵێت توبە (یا رسول الله)، چیتر پرسیاری زیادەت لێ ناکەین، پێغەمبەر(علیه السلام والبرکات) دەم و چاوی سوور دەبێتەوە.

مەبەستم ئەوە بووە، ئەوان خۆیان ئەوەیان لەلا نەنگی بووە، وەکو پەڵەیەك بووە بە نێوچەوانی کۆمەڵایەتییان، لۆیە ویستوویانە بزانن ئەو حاڵەتە لە بەرچی بووە، هۆکارەکە ئەوە بووە کە هاوەڵان هەستیان بە (حراجة) کردووە و لە باوکی ڕاستەقینەیان پرسیووە.

## ناوبانگ چییان پێدەکات!

جۆرێکی تر لە ژن هێنان، کابرا لەناو کۆمەڵگەی مەککە دەوڵەمەند و لە خانەدانەکان نەبووە، بەڵکو لەچینی ناوەڕاست بووە، لۆیە بە خێزانی خۆی گوتووە ئەم مانگە بڕۆ لای فڵان دەوڵەمەند و لەگەڵ ئەودا بخەوە (فأستبضعي)، (اذهبی الی فلان ابن فلان فاستبضعی منه)، تاکو لەم زەلامە دووگیان بێت، لەوانەیە کابرا دەوڵەمەندیش نەبووە، بەڵام بەناوبانگ و پلەو پایەی هەبووە، لۆ ئەوەی ئەو منالە پلەو پایە لەو زەلامە بەدەست بێنێت، ئەمەش بە فەڕمی لە نێویاندا هەبووە.

جۆرێکی تر، کە زۆر فەرمی و لایان باوبووە، ئەویش داوێن پیسی بووە، ئەو کەسانە ئاڵایان لەسەر ماڵەکانیان چەقاندووە و، وەك لافیتەیەك لەسەر ماڵەکانیان هەڵواسرابوو، ئەوانە داوێن پیس بوونەو ئاسایی بووە خەڵکی بچنە لایان، بەڵێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتەکانیان بەم شێوەیە بووە.

## بواری پەیوەندییە ئابوورییەکان

پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانیش کاریگەرییەکان لە بواری کۆمەڵایەتیی و ژن و ژنخوازیدا هەبووە، لەوکاتەشدا ڕەوەند (جالية)ی جوولەکە کە نزیکەی (٥٠٠) کەس بوون، باڵادەست بووینە بەسەر ئابووری مەککەدا، لۆ نموونە هەموو بانکەکان لەژێر دەستی جوولەکەدا بووە، هەمووی کارگەی چەك لەژێر دەستی ئەوان بووە، کارگەکانی تری بەرهەم هێنان کە مرۆڤ کاری تێدا بکات ئەوانیش هەمووی لەژێردەستی جوولەکەدا بووە، جوولەکەکان لە ڕێگەی ئابوورییەوە هەوڵی ئەوەشیان داوە بەکردەیی دەست بەسەر لایەنی کۆمەڵایەتیدا بگرن.

لەبەر ئەوەی کابرای عەرەب هەژار بووە، هەرچەندە کۆیلەش نەبووە، بەڵام کە چۆتە لای کابرای عەرەب ویستویەتی قەرز بکات، کابرای عەرەب هەر دینارێکی بە درهەمێك زیادەوە بە سوو (الربا) داوەتێ، بەڵام کە چۆتە لای کابرای جوولەکە نیو درهەمی زیادە خستۆتە سەر، ناچار کابرای عەرەب لە گەڵ جولەکەکە پێکهاتووە. جولەکەکەش سووی خستۆتە سەر، هێدی هێدی ئەم سووە زیاد بووە، سەرنج بدەن، کابرای جوولەکە شتێکی تری لەسەر کابرای عەرب سەپاندووە، کە ئەگەر هات و لەم ماوەیە قەرزەکەی پێ نەدرایەوە، ئەوا دەبێ کچەکەی‌لە لای جوولەکەکە بکاتە کەنیزە، نەك تەنیا پارە زیاد بکات بەڵکو تووشی دادگاو دادگاکاریی و بەندکردنی دەکرد، چونکە ئەو کاتە پۆلیس هەبووەو دادگا هەبوو یانە(نادي)ی قورەیشی هەبوو، لەم شوێنەدا سەرکردە و پیاوانی ڕامیاریی و بیرمەندان و شاعیران کۆبووینەتەوە، ئەگەر کابرای عەرەبی بەستەزمان نەیتوانییا قەرزەکە بداتەوە، چونکە مانگ بەمانگ و ڕۆژ بەڕۆژ ئەم سووە زیاد دەبێت، ئەو کاتە ناچار کچی خۆی داوەتە دەستی خاوەن قەرز کە جولەکەکە بوو، کابرای جولەکە چی لەم کچە کردووە؟ هێناویەتی لە شوێنی داوێن پیسی، لەماڵی بێ ڕەوشتیی دایناوە، لۆیە (دورالبغاء)یش سەر بە جوولەکە بووە.

کابرای عەرەب، کە دەچێت داوێن پیسی دەکات، دەبێ پارەش بدات و پارەکەش لۆ جوولەکەکە دەگەڕێتەوە، واتە" خراپەکارییەکی پێ ئەنجام دەدات و پارەشی لێ وەردەگرێت، مەیخانە و کارگەکانی مەی دروست کردنیش سەر بە جولەکە بووە. مەککە لەم دۆخە قورسەدا ژیاوە، کە پارت (أحزاب)یشی تێدا هەبووە، وەك ئێستا پارت هەبوونە، وەك دەڵێ: عەشیرەتی فوڵانی ئەم کۆمەڵە پرەنسیپەی هەیە.

## پیلانی جوولەکەکان پێش ئیسلام

لەوانەکانی سیرەدا باسی ئەوەمان کردووە، کە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) لە ساڵی وەفدەکان دەچێتە لای ئەو هۆزانەی لۆ حەج هاتوون، هەر هۆزێك کە چاویان بە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دەکەوێت و کۆمەڵێك تایبەتمەندیی و سیفاتەکانی هۆزی خۆی باس دەکات، لۆ نموونە" هۆزی

غەساسینە دەڵێن: ئێمە بەم جۆرە و بەم جۆرە و بەم جۆرەین، ئەمانە پارتێکن بە تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی.

لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی دیکەی نەرێنی نانەوەی جەنگە، کە هەر جوولەکە کردوویەتی، جوولەکە خاوەنی کارگەکانی چەك بووە و، پارەو پولی ویستووە، لۆیە دووبەرەکی و بەڵایەکی ناوەتەوە، لۆ نموونە" داحس و غبراء، کە دوو ئەسپن، تەنیا لەسەر ئەو دوو ئاژەڵە زیاتر لە(٣٠) ساڵ خوێنیان ڕشتووە.

دابڕینی عەقڵ، دوورکەوتنەوە لە بیر و شارستانییێتی و زانست، ئەمە هەمووی نەخشە و پیلانی ڕەوەند (جالیة) ی جوولەکە بووە، هەرچەندە ئەو چەند سەد جوولەکە تێکەڵاوییان لەگەڵ کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەبووە، چونکە خۆیان قەڵایان هەبووە، لۆئەوەی کەس تێکەڵاویان نەبێت و لە نێوی ژیاون.

بەهەمان شێوە ڕەوەند (جالیة)ی مەسیحیش هەبوون، کە چینێکی ناوەند و، ژمارەیان گەورەتر بووە، ئەوانە هاتووچۆیان لەگەڵ عەرەب بووە،، کاروباریان زیاتر پیشەگەریی بوو، دارتاش و ئاسنگەر و کەسابەتچی بووینە، کاریان کردووە، ئەوانیش بەم شێوەیە لەناو مەککە بوون، ئەوان کاریگەرییەکی نەرێنیی زۆریان لەسەر کۆمەڵگە هەبووە.

## ڕەهەندی ماددی

عەرەب لەپێش ئیسلام بەم شێوەیە ژیاون و لەم دۆخەدا بووینە، لەبەر ئەمە کاتێك خودای ڕەحمان پێغەمبەر( علیه السلام و البركات) لۆ مرۆڤەکان دەنێرێت، نەك تەنیا ژیانی دواییان لۆ دەستەبەر (تأمین) بکات، نەخێر بەڵکو کامەرانی دونیاشیان لۆ دابین دەکات، بەکردەیی بەم مرۆڤانە ناڵێن تەنها ڕۆژی دوایی هەیە، بەڵکو ئەگەر هاتوو بەکردەیی پابەندبوونێکی جۆریی هەبوو ئەو کاتە دونیاش دەبێتە بەهەشت، لەبەر ئەمە دەفەرموویت: (وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ)(الرحمن٤٦) خودای ڕەحمان لەم شوێنە ئەم هەموو ئامادەکارییانە دەکات، ئەگەرچی (بەیت) بەرزترین پایەی ئایینیی هەیە، قبوڵکراوترین جێگەیە لەلای خودای ڕەحمان لەڕووی ئایینییەوە، لۆیە ئیبراهیم پێغەمبەر ئەو ئیشەی پێکراوە، خودای ڕەحمان هەموو ئەو کەسانە ئامادە دەکات تا بەکردەیی ئەگەر هاتوو پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بانگەشەی پێغەمبەرایەتی (النبوة)ی کرد، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی زەمینە لە بار بێت بە بوونی ئەم شوێنە تا پێوەی پابەندبن، ئەمە ڕەهەندی ماددییە.

## ڕەهەندی ئیمانیی

لە ڕەهەندی ئیمانیی یاخود پەروەردگارییانە (رباني)، ئیبراهیم پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بەیتی بە(مثابة) لۆ (ناس) دروست كردووە، ئیبراهیم(علیه السلام و البركات) پەیامبەرە، بەیتیش جێگە و زەوییەكە تایبەت بە خودای ڕەحمان كە دەیەوێت هەموو بەشەرییەت (الناس) پێوەی پەیوەست بێت، موگناتیسیانە پێوەی وابەستەی ئەم(بەیت)ە بێت، كەواتە" ناوچەكە ناوچەیەكی ئایینییە و كارتی ئایینی هەیە، لۆیە ئازادیی ئایینی لە نێو مەككە بوونی هەبووە، هەر بۆچوونێكی ئایینی یان هەر زاڵبوونێكی ئایینی یان هەر پەیوەندییەكی ئایینی هەبووایە، دەبوو لە مەككەوە دەربچێت، بە تایبەتیش قوڕەیش، لۆیە (سقایة)ی حاجیەكان، (عمارة المسجد الحرام) بە(الطائفون و الركع السجود) هەموو ئەوانە بەدەستی قورەیش بووە، كەواتە" مەككە كاری ئایینیشی هەیە، نەك تەنیا بەشێوەیەكی ماددیانە، دۆخەكە بەم شێوەیە بووە، لەڕووی ئایینەوە قوڕەیشیەكان باڵادەست بووینە، نوێژكردنیان لەلای(بەیت) چەپڵە و فیتە لێدان بووە، نەك ئەوەندە بەڵكو (كلمات الله) و رسول الله و كتب الله و فریشتەكان و عەرش و ڕۆزیی و ڕەزاقیەتی خودای ڕەحمان ئەمانە هەمووی لەناو ناخیان ڕەگی داكوتابوو، (وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ)(الزمر٣٨)، وەڵامیان چییە؟ (لَيَقُولُنَّ اللَّهُ)(الزمر٣٨)، (قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ)(المؤمنون٨٦)، كەواتە" لە ڕووی ئایینیشەوە ئامادەباشی سەدا سەدیان لۆ قبوڵكردنی هەر بانگەشەكەرێكی ڕاستەقینانە هەیە، كە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی(النبوة) بكات.

كێ ئەو هەموو ئامادەكارییەی كردووە؟ خودای ڕەحمان كەشەكە لۆ دۆخی هاتنی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) دەسازێنێت، ئەگەر بەكردەیی پێغەمبەر هات ئەوكات بانگەوازەكەی قبوڵ بكرێت، ئەوانەی باسمان كرد هەمووی كەش و ژینگە و مێژوو و جوگرافیای ئەو سەردەم بووە.

## كەسایەتی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)

دێینە سەر باسكردنی كەسایەتی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، خودای ڕەحمان پارێزگارییەكی زۆری لە كەسایەتی پێغەمبەری وەك خود(الذات) كردووە، لۆ نموونە" بە هیچ جۆرێك لە هیچ پەرتووك و مێژوویێكدا ئاماژەی پێنەكرایە، كە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، قوربانی لۆ صەنەمێك كردبێت، بە سەربرینی ئاژەڵ یان بە پێشكەش كردنی ئاژەڵ لۆ بتێك لەم بتانە، چونكە نەیكردووە.

پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، بەژداری لە هیچ یەكێك لە نەریت و دروشم (شعائر)ەكان نەكردووە، هاوەڵ بڕیاردەرەكان (شرك)ی قوڕەیش یاخود عەرەب، لۆ نموونە"(حاشاكی مەقامی) درۆیەكی كردبی، بێگومان ئەمانە هەمووی دەگمەنە، ئەم حاڵەتە لەكەسێكی لەم جۆرە، لە ژینگەیەكی لەو بابەتە، وەك باسمان كرد دەگمەنە مرۆڤ درۆ نەكات، فاحیشە نەكات، دەگمەنە

مرۆڤ مەی نەخوات، بەڵام مرۆڤی ژیر لە ڕێی عەقڵ ئەم پەرستشکردنەی لۆ صەنەم (دوور لەڕووتان) لە لایدا کەموکورتی بێت و نەیکات.

لەوانەیە کۆمەڵە مرۆڤێك هەبێت مەی نەخۆن، ئەوانیش بڵێن مرۆڤ بە دەستی خۆی بە پارەی خۆی ئاوا لێبکات، بەڵام دەگمەنە ئەم هەموو سیفاتانە لە یەك تاکە کەس کۆ ببێتەوە، وەك باسمان کرد کە دەربارەی کەسایەتی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) خودای ڕەحمان دەفەرمووێت: (أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيماً فَآوَى)(الضحی٦) کێ یەتیمی کرد (من الذی أیتمه)؟ سێ جار یەتیمی کرد، هەر خودای ڕەحمان بوو، من الذی یمیت؟ خودای ڕەحمان، کێ باوکی (رسول الله)ی مراند؟ خودای ڕەحمان، کێ دایکی (رسول الله)ی مراند؟ خودای ڕەحمان، کێ باپیری (رسول الله)ی مراند؟ کەواتە" سێ جار پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) یەتیم دەکرێت هەر خودای ڕەحمان کردوویەتی (أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيماً فَآوَى)(الضحی٦)، چارە چییە لۆ ی (فأواه) گرتییە خۆی، گرتنە خۆیەکە ئیوائەکە واتای وشەی(أواه): حاڵەتێکی پەروەردگارێتی(ربوبیة)ی ڕاستەوخۆیە لە خودی الله لۆ خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات).

(بەبێ وێکچواندن) وەك ئەوەی کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لۆ نموونە" کۆمەڵە پاسەوانێك هەیە بۆی، کۆمەڵە پارێزەرێك هەیە بۆی، بە هیچ جۆرێك پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هەنگاوێکی خراپ نا هاوێژێت، لۆ؟ چونکە ئەم هەنگاوە خراپە یان ئەم جووڵە و چالاکی و کردارە لە مێشکی چاپ دەبێت، ئەمە خاڵێك، لەهەمان کات لۆ ئەوەیە لە کاتی ئەو حاڵەتە وێنەی بە خراپە لەلای کەسانی ترەوە نەگیرێت، ئەمەش هۆکاری دووەم. لۆ نموونە" ئەبوبەکر لە منداڵی(حاشاکی ئەو) ئەگەر گرتەیەکی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بە خراپە بینیبێت کە پێغەمبەر ستەم دەکات، کاتێك پێغەمبەر بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، ئەم گرتە و وێنەیە لە فیلمی مێشکی ئەبوبەکر دووبارە دەبێتەوە، کە بانگەشە دەکات ئەوەی دێتەوە پێش چاو، لۆیە ئەگەر بەوردی سەیری گفتوگۆی نێوان فیرعەون لەگەڵ موسا بکەین: (قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيداً وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ)(الشعراء١٨) (وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ وَأَنتَ مِنَ الْكَافِرِينَ)(الشعراء١٩) فیرعەون تاوانباری دەکات، ئەمە هەمووی گرتەن موسا پێغەمبەر پێش پێغەمبەرایەتی( نبوة) پێشەکی هەیە، کە هەژمارکراوە لەسەری بە ڕاپۆرت گەیشتۆتە فیرعەون، کە سەرۆکی دەوڵەتە، لەساتی گفتوگۆ ئەمە دەکاتە کارتی زەرد و ئاگادارکردنەوە لۆ موسا پێغەمبەر، ئەگەر چی ئەوانەی لەسەر هەژمار ناکرێت، چونکە پێشی پێغەمبەرایەتییە(النبوة)ە.

بەڵام پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هیچ پەڵەیەك هیچ گرتەیەك، هیچ وێنەیەك، هیچ ساتێك لەسەر خودی بە نەرێنیی بە هەموو ڕەهەندەکان نییە، لۆ ئەوەی بەکردەیی ئەو هێزی کێشکردنە ئیمانیانەی کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەبێتە سەرچاوەی نیگاو سروش(وحي) لە خودای ڕەحمان بە ستوونیی دێتە سەر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، لۆیە کە دەیداتە بەرامبەرەکە یەکسەر بەرامبەرەکەی بەبێ (فلتەر) وەریدەگرێت، بەبێ ئەوەی کابرا خۆی تووشی تەنگانە بکات، چونکە

ئەو جێگەی بە یەك گەیشتنە ئەو جێگەی مشتومڕەکەیە(مشحنة) ئەمەش خودی رسول الله(علیه السلام و البرکات)، بێگومان هەتا دەگاتە ئاستی پێغەمبەرایەتی(النبوة) هەر بەم شێوەیە ڕۆیشتووە.

ئەوەی جێگەی سەر سوڕمانە ئەوەیە ئەو ئایەتانەی کە پاشان بۆی دێتە خوارەوە، یاخود ئەو قسە خۆشە و فەرموودە نازدارانەی کە خۆی فەرموویەتی پاش(النبوة) و پەیام، باوەڕ بکەن زۆربەی هەرە زۆری سەدا نەوەدی لەسەر خۆی جێبەجێ کراوە، لۆ نموونە" کە دەفەرموویێت: (عن أبي هريرة رضى الله عنه) عن النبى(علیه السلام و البرکات) قال: (تنكح المرأة لأربع)، پاش نبوەت و ڕیسالەت لە مەدینە فەرموویەتی لەسەر خۆی جێبەجێ کراوە، بێ ئەوەی خۆی بزانێت، لۆ؟ چونکە ئەو یاسایە خودای ڕەحمان دەیهێنێتە خوارەوە، فیطرەی پێغەمبەریش(علیه السلام و البرکات) بەم شێوەیە دەبێ بەم جۆرەش چاودێری بکرێت، کەواتە" ئەوەی خۆی دەیڵێت دەبێ خۆی لەدوا ڕۆژدا جێبەجێی بکات.

لەبەر ئەمەیە ئەگەر سەیر بکەی ئافرەتێکی بەنسیب دەبێت تەمەن(٤٠) ساڵە خۆشی تەمەنی (٢٥) ساڵە، ئەم هەموو کچە جوانە ئەو هەموو فوڵانە هەمووی بەلاوە دەنێ، (فاظفر بذات الدين تربت يداك) خاوەن ئایین بە دەست بێنە، ئەمەیە دەکرێتە پێوەر.

واتە" هەرچی گوتەو کردەوەی پێغەمبەرییە ئەوەش پێش نبووەت، لەگەڵ کردار و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر کە پاشی نبووەتە، ئەوا بە هیچ شێوەیەك بەربەستێك لە نێوانیاندا نابینرێت، کۆسپێك نابینرێت، هەمان ئامرازە و هەمان فیلمە، تاکو کۆچی دوایی، کەواتە" بەڵگەی ئەوەیە خودای ڕەحمان چاودێرییەکی تایبەت و دیاریکراوی لۆ ئەم پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات) داناوە، لیژنەیەکی تایبەت لە فریشتەکان چاودێری ئەو پێغەمبەرەیان کردووە، لۆیە دوو ڕووداو و گرتەمان لەوانەی پێشوو خستە ڕوو، دیسان بەخێرایی بەبیرتان دێنمەوە.

## ڕووداوەکان

ڕووداوی یەکەم: کاتێك عاتیکە لە ئامێزی دەگرێت نزیکی صەنەمی (بوانە)ی دەکاتەوە کە بتێك بوو لە کەناری دەریای سوور، عاتیکە پووری پێغەمبەرە(علیه السلام و البرکات)، ئەو پاش ئیمان هێنان دەگێڕێتەوە دەڵێ: هەستم کرد کاتێ لەباوەشم دەگرت چۆن دەلەرزی، هەرچەند لە بتەکەم نزیك دەکردەوە لەرزینەکەی زیاتر دەبوو، لۆ؟ دیارە بەکردەیی کۆمەڵێك فریشتەی باڵادەست بووینە لەسەر ژیانی.

ڕووداوی دووەم: لەسەردەمی هەرزەکارییی، دەیەوێت بچێتە نێو مەککە، ئەو هاوڕێ شوانەی فێڵی لێدەکات، بەم ناوەی بەیەکەوە بچن بەشداری لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەی فڵان کەسایەتی لەنێو مەککە بکەن، بخۆن و بخۆنەوە، تا ئەوکاتەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەگاتە سەر

سنووری دەرگاکانی مەککە، یەکسەر تووشی بۆسەی فریشتەکان دەبێت، هەر لەم شوێنە تا بەیانی خەوی لێدەکەوێت و، لە گەڵ تیشکی خۆری بەیانی بەئاگا دێتەوە، سێ جار ئەمە دووبارە دەبێتەوە یەکسەر هەست دەکات و خۆی دەڵێت: من لۆ ئەوە دروست نەکراوم (لم أخلق لهذا).

لە بوخاری فەرموودەیەك هەیە کە پێشەوا ئەحمەدیش دەیگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بە (١٥) ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی، کە گۆشتی لۆ دەهات و لەپێشی دا دەنرا، ئەوەی کە (مذبوح علی النصب) ئەو ئاژەڵەی لۆ بت و سەنەمەکان سەر بڕا بوو، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەیفەرمووە خزمەتکارەکەی، کە زید بن حارثة لێی دەگێڕێتەوە دەڵێ کە دەیفەرموو: سبحان الله ئەم ئاژەڵە مەخلوقی خودایە لەجیاتی ئەوەی لۆ خودای ڕەحمان سەری ببڕن دەیهێنن لەسەر ئەو بەردە سەری دەبڕن.

کەواتە" ناوەوەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە بنەڕەتدا لۆ ئەو ئاستەی نبووەتە، کە لە دواڕۆژدا پێی دەگات چاپکراوە، (وَوَجَدَكَ ضَالاًّ فَهَدَى)(الضحی٧) (وَوَجَدَكَ عَائِلاً فَأَغْنَى)(الضحی٨)، کۆمەڵێك ئایەتمان لەوبارەوە هەیە، کەواتە" ئەو دۆخی چاودێرییە جۆرییە، ئەوە لە ئاسۆی گۆی زەوی بە شێوەیەکی نەوعی لۆ خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هەبوو.

بە پشتیوانی خودای ڕەحمان وانەی داهاتوو لە خزمەتان باسی پەیوەندی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکەین لەگەڵ خودخودای ڕەحمان و چۆنیەتی دروست بوونی ئەو پەیوەندییە؟ هەروەها بە چ قۆناغێکدا دادەچێت؟ خودای ڕەحمان چۆن ئەم پێغەمبەرەی هەڵدەسەنگێنێت؟ ئەمە پێویستی مەککەیە لە ڕووی کات و مێژوویی و جوگرافیی، حاڵیشی چۆن بوو؟ ئینجا پەیوەندی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ ذاتی خودای ڕەحمان لەپاش نبووەت و ئەم دوو پەیوەندییە چۆن لەگەڵ کۆمەڵگە پێچەوانە دەکاتەوە؟

ئەوە لۆ ئەوەیە بەکردەیی وەك کەس هەست بکەین چەندە پێویستیمان بەم پێغەمبەرەیە، چونکە بەکردەیی هەستکردن بەم پێویستییە دەمانگوازێتەوە لۆ ئاستی ئیمان پێهێنان.

خودای ڕەحمان هەرچی هۆکارەکان هەیە، لۆ ئەم حاڵە ئیمانیە لۆمان ئاسان بکات و بیکاتە بەشمان.